### بەخێربێن بۆ یانزەیەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بە بەردەوامی هەواڵنامە لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە جێبەجێکردنی ئەم دادپەروەرییەدا، بەئامانجی خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## دوایین هەواڵ و نوێکارییەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

### ئاماری داواکاریەکان

بەڕێوبەرایەتی کاروباری ڕزگاربووان (بەڕێوبەرایەتییەکە) و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە لە مانگی حوزەیراندا قەرەبووی 2,216 ڕزگاربووی دەستی داعش کردووەتە ،کە یاسای ڕزگاربوانی ئێزیدی دەیانگرێتەوە. زانیاریی زیاتر لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێوبەرایەتییەکە بەردەستە: https://tinyurl.com/yptfc26z

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

نوێکارییە گرنگەکان:

- **میکانیزمی شایەتیدان لەدوورەوە بەردەوامە بۆ هەموو داواکارانی یاسای ڕزگاربوانی ئێزیدی لە دەرەوەی وڵات**
بەڕێوبەرایەتییەکە، بە هەماهەنگی لەگەڵ دادگای لێکۆڵینەوەی ئەلقوش، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، و کۆنسوڵگەری و باڵیۆزەخانەکانی عێراق، بەردەوامە لە تۆمارکردنی شایەتیی داواکارانی یاسای ڕزگاربوانی ئێزیدی لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفرانسی پارێزراوەوە. بەڕێوبەرایەتییەکە ڕایگەیاند کە ئێستا دەتوانرێت شایەتییەکان لە ڕێگەی باڵیۆزخانە و کۆنسوڵگەرییەکانی عێراق لە هەموو وڵاتاندا پێشکەش بکرێن. هانی ئەو ڕزگاربوانەی دەرەوەی وڵات دەدەین کە هێشتا داواکارییان پێشکەش نەکردووە کە پەیوەندی بە بەڕێوبەرایەتییەکەوە بکەن لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی 2977 100 751 964+وە بۆ وەرگرتنی یارمەتی. زانیاری زیاتر لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێوبەرایەتییەکە بەردەستە: https://tinyurl.com/yptfc26z.

- **دەستەی شەهیدان لە ئەڵمانیا دەست بە کەمپینی تۆماری نیشتمانی بۆ ونبووان دەکات**
لە مانگی حوزەیراندا، دەستەی شەهیدان، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی دەستەکە د. عەبدوڵڵا ئەلنایلە، کەمپینێکی




کەمپینی نیشتمانی کۆکردنەوەی زانیاری و نموونەی خوێن لە خێزانەکانی قوربانییانی داعش لە شتووتگارت، ئەڵمانیا، لە مانگی حوزەیراندا بەڕێوە چوو.
سەرچاوەی وێنەکە: پەڕەی فەیسبووکی دەستەی شەهیدان

ئامانجداری لە ئەڵمانیا دەستپێکرد بۆ پشتگیریکردنی دامەزراندنی تۆمارێکی نیشتمانی بۆ ونبووان، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو کەسانەی لە کاتی شەڕی داعشدا ڕفێنراون، بەتایبەتی قوربانییە ئێزیدییەکان.

ئەم کەمپینە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی پزیشکی داد لە وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی کاروباری ڕزگاربووان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، و بە پاڵپشتی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی ونبووان (ICMP) ئەنجامدرا، 29 فۆرمی زانیاری کەسانی ونبوو و 304 نموونەی خوێنیان لە ئەندامانی خێزانەکان کۆکردەوە. ئەم نموونانە شی دەکرێنەوە و لەگەڵ داتابەیسەکانی پزیشکی داددا بەراورد دەکرێن بۆ یارمەتیدان لە ناسینەوەی ڕوفاتی دەرهێنراوی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق.

هەروەها ئەم کەمپینە دووەم دەستپێشخەریی لەم شێوەیە لە ئەورووپا و بەشێکە لە جێبەجێکردنی ماددەی 18ی یاسای ژمارە 23ی ساڵی 2024، کە مافی خێزانی ونبووان و بەڵگەنامەکردنی چارەنووسیان دەخاتە ڕوو. بەرپرسانی باڵا، لەوانە نوێنەرانی هەرێمی کوردستان،

نووسینگەی سەرۆک وەزیران بۆ مافەکانی مرۆڤ، و فەرمانگەی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ونبووان ئامادەبوون بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزانەکان، ئاگادارکردنەوەیان لە دوایین نوێگەرییەکان، و نیشاندانی پابەندی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە مرۆڤایەتییە. ئەم دەستپێشخەرییە ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی فراوانترە بۆ فراوانکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی، پشتگیریکردنی ڕزگاربووان، و بەدیهێنانی مافی خێزانی ونبووان، لە هەر شوێنێکدا بن. زانیاری زیاتر لەسەر کەمپینەکە لە لاپەڕەی فەیسبووکی دەستەی شەهیدان بخوێنەوە: https://tinyurl.com/mr26vr6e.

- **بەڕێوەبەرایەتییەکە مامەڵەی پشتگیریکردنی ڕزگاربووە تازە ئازادکراوان خێراتر دەکات**

لە دەستپێشخەرییەکی نوێدا بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووانی ئێزیدی کە تازە لە دیلی گەڕاونەتەوە، بەڕێوەبەرایەتییەکە کار بۆ خێراکردنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەکات. ڕزگاربووانی تازەئازادکراو لە ڕێکارە بیرۆکراتییە ئاساییەکان دەبەخشرێن، کە ئەمەش ڕێگە بە دەستپێکی هەنووکەیی پرۆسە سەرەکییەکانی وەک دەرکردنی بەڵگەنامەی ناسنامەی فەرمی دەدات، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەدەنی و پاسەپۆرت و نیشتەجێکردنی نەینەوا.

بەڕێوەبەرایەتییەکە هەروەها کاردەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم کەسانە سوودمەند دەبن لەو سوودانەی لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستی بە ڕوونی زیاتر هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەم بابەتە لە ڕووی کردەییەوە چۆن دەکرێت. بۆ نموونە، هێشتا ڕوون نییە ئایا ئەو ڕزگاربووانەی کە بەم دواییەدا لە ڕێگەی هەوڵی هەماهەنگکراوی حکومەتەوە ئازادکراون، ملکەچی هەمان پێداویستییەکانی سەلماندن دەکرێن هاوشێوەی داواکارانی تر، وەک پێشکەشکردنی شایەتی دوو شایەت/ گەواهیدەر. شەفافیەت کارێکی گرینگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕزگاربووان لە کاتی گونجاودا پشتگیری گونجاو وەردەگرن بەبێ ئەوەی دووچاری بارگرانی زیاتر ببنەوە.

لە هەمان کاتدا، ئەولەویەت دەدرێت بە دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی گشتگیر، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی نەینەوا بۆ دڵنیابوونەوە لە وەرگرتنی چارەسەر و پاڵپشتی پزیشکی لە کاتی گونجاودا. لێرەدا زانیاری زیاتر سەبارەت بەم دەستپێشخەرییە بخوێننەوە: https://tinyurl.com/56rnrmdc.

## هەواڵی پەیوەندیدار


- لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا، دەکرێت چەند شێوازێک بەڵگە پێشکەش بکرێت بۆ سەلماندنی لێوەشاوەیی، لەوانە ئەو پەیامانەی لە لایەن دەسەڵاتە ئەمنی یان حکومییەکانەوە دەرکراون و هەڵاتن یان ڕزگارکردن دەسەلمێنن؛ شایەتی بەڵگەدار لە لایەن سێ ڕزگاربووی دانپێنراوی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی؛ ڕاپۆرتی پشتڕاستکراو لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە؛ بەڵگەی بینراو وەک وێنە یان ڤیدیۆ؛ یان بەڵگەنامەی دەرکراو لە لایەن داعشەوە. ئەم بڕوانامەیە، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووانەوە دانی پێدا نراوە، زانیاری سەرەکی تێدایە وەک بەرواری ڕفاندن، بەرواری ئازادبوون لە دیلی داعش، و کۆدی ناسینەوەی تایبەتی ڕزگاربووەکە لە داتابەیسی یەزدادا. ڕزگاربووان دەتوانن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە داوای بەڵگەنامەکە بکەن لە ڕێگەی سەردانی نووسینگەکانی یەزداوە بە شێوەیەکی کەسی. بۆ یارمەتی، پەیوەندی بە ئەفسەری ئاراستەکردنی یەزداوە بکەن لە ڕێگەی واتساپ یان تەلەفۆنەوە لە ڕێگەی ژمارە 1544 170 750 964+




- لەم دواییەدا، ڕێکخراوی "پزیشکان بۆ مافەکانی مرۆڤ" وۆرکشۆپێکیان بۆ دادوەرانی مووسڵ لە مانگی ئایاردا ئەنجام دا، وۆرکشۆپەکە تیشکی خستە سەر دادپەروەری ڕزگاربووسەنتەر لە ڕێکارە یاساییەکاندا، و بە هەماهەنگی لەگەڵ دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا و بەڕێوەبەرایەتییەکەدا ئەنجامدرا، دەستپێشخەرییەکە پێشنیازی باشترین شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ شایەتی و بەڵگەکاندا کرد، بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی داعش.

لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای دادوەری و بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی داد، پزیشکان بۆ مافەکانی مرۆڤ یارمەتی لە پەرەپێدانی بنەمای ڕێنوێنیکەری نیشتمانی دەدەن کە بەرەو بە

میتۆدە ئەخلاقییە تێگەشتووەکان لە زەبری دەروونی دەدات لە لێکۆڵینەوە و بەڵگەکردنی توندوتیژی سێکسیدا، لەوانە توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە جەنگەوە. لێرەوە زانیاری زیاتر لەسەر دەستپێشخەرییەکە بخوێننەوە: https://tinyurl.com/mr26vr6e.



ڕێکخراوی "پزیشکان بۆ مافەکانی مرۆڤ" لەم دواییەدا لە مانگی ئایاردا سەرکردایەتی وۆرکشۆپێکیان بۆ دادوەران لە موسڵ کرد کە سەرنجی خستە سەر دادپەروەری ڕزگاربووسەنتەر لە بڕیارە یاساییەکاندا.
سەرچاوەی وێنە: پزیشکان بۆ مافەکانی مرۆڤ.

## هەوڵەکانی لێپرسینەوە

- لە مانگی ئایاردا، دادگایەکی مێژوویی لە باڤاریا، ئەڵمانیا دەستی پێکرد دژ بە دوو هاوسەری سەر بە ڕێکخراوی داعش کە تۆمەتبارکراون بە ئەنجامدانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، و تاوانەکانی جەنگ لە عێراق و سووریا لە ڕێگەی کۆیلەکردن و دەستدرێژیکردنە سەر دوو کچی ئێزیدی. ئەم دۆسیەیە دەیەمین دادگای پەیوەندیدار بە داعشە لە ئەڵمانیادا لە ژێر بنەمای دەسەڵاتی دادوەری جیهانیدا، کە دەرفەت بە دادگا نیشتیمانییەکان دەدات کە دادگایی تاکەکان بکەن لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتییە مەترسیدارانەی کە لە دەرەوەی سنوری وڵات ئەنجام دراون. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دۆسیەکە، لێرەدا بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی ڕێکخراوی یەزدا بخوێنەوە: https://tinyurl.com/2m4793yj

## ئاستەنگەکان

لە هەر ژمارەیەکی هەواڵنامەکانماندا، تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاستەنگە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی ڕزگاربووان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا دەبێتەوە. ئەو ئاستە پەرەسەندووەی کە ئێستا کاریگەریی کردووەتە سەر جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی، بریتییە لە داننەنانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی عێراق بەو بریکارییە دادوەرییانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەرکراون. ئاگادری ئەو ڕزگاربووانە دەکرێتەوە کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عێراقن و پێویستیان بە چارەسەرکردنی دۆسیەکانیان لە موسڵ، شێخان، یان ئەلقۆش هەیە، کە ئەو بریکارینامانەیان کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرکراون نادروستن و دەبێت لە بری ئەوە بەڵگەنامەی نوێ لە ڕێگەی دادنووسە فیدراڵەکانەوە وەربگرن.

ئەمەش بەربەستی گەورە دروست دەکات، بەتایبەتی بۆ ئەو ڕزگاربووانەی کە ناتوانن گەشت بکەن لەبەر نیگەرانی ئەمنی، سەختی دارایی، یان مەترسی کۆمەڵایەتی. نەبوونی پاساوی یاسایی بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە، لەگەڵ نەبوونی داننانی کارگێڕیی هاوبەش، دەبێتە هۆی بێبەشکردنی ڕزگاربووان لە گەیشتن بە نوێنەرایەتی یاسایی و دواخستنی مافەکانیان بە پێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی.

لەکاتێکدا ئەو بریکارینامانەی کە لەلایەن دادنووسە فیدراڵەکانەوە دەرکراون بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن، بەڵام پێچەوانەکەی وانییە، ئەمەش دەبێتە هۆی نایەکسانی سیستەمی و جیاکاری ڕێکاری. لە یەکێک لە دۆسیە نوێیەکاندا، ڕزگاربووێک کە لەگەڵ دادنووسێک لە هەرێمی کوردستان کاری دەکرد نەیتوانی شایستەکانی وەربگرێت چونکە بریکارینامەکەی لە موسڵ ڕەت کرایەوە، سەرەڕای ئەوەی تەواو دروست و دانپێنراو بوو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

ئەمە تەنها پرسێکی تەکنیکی نییە؛ ئەمە پرسێکی جەوهەرییە کە پەیوەندی بە دەستڕاگەیشتنی یاسایی و پاراستنی ڕزگاربووانەوە هەیە. هەرگیز نابێت ڕزگاربووان ناچار بکرێن کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچە ناپارێزراوەکان یان دووبارە تێکەڵ ببن لەگەڵ ژینگەیەکدا کە لەوانەیە زیانبەخش بێت تەنها بۆ دڵنیابوونەوە لە دروستی کاغەزەکان. پێویستی بە چارەسەرێکی کارگێڕیی هەماهەنگی هەیە بۆ ڕێگرتن لە ئازاردانی زیاتر و دڵنیابوونەوە لە گەیشتنی یەکسان و پارێزراو بۆ دادپەروەری بۆ هەموو ڕزگاربووان، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کوێ نیشتەجێن.

**یارمەتی یاسایی لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووی دادپەروەرانەوە**

بۆ پاڵپشتی ئەو ڕزگاربووانەی دووچاری ئاستەنگ دەبنەوە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووی دادپەروەرانە، لە ڕێگەی پارێزەری لێهاتووەوە یارمەتی یاسایی پێشکەش بە داواکاران دەکات لە تەواوی پرۆسەی داواکردن و تێهەڵچوونەوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا.

ئەگەر تۆ یان هەر کەسێک کە دەیناسیت پێویستی بە پاڵپشتی یاسایی هەیە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن لە ڕێگەی :
legalaid@c4jr.org
یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە – لەسەر ڤایبەر و واتساپ و سیگناڵ بەردەستە - لە ڕێگەی ژمارە و سکناڵ
+964750 851 6311

## چیرۆکی سەرکەوتن

**گەڕاندنەوەی ماف و کەرامەت لە ڕێگەی پاڵپشتی یاساییەوە — ڕێکخراوی یەزدا**

لە گوندی کۆجۆ، دوو برای ئێزیدی کە دوای چەندین ساڵ لە بەندیخانەی داعشدا ڕزگاریان بووە، ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بوونەوە لە گێڕانەوەی مافەکانیان بە گوێرەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی. وەک زۆرێک کەسانی دیکە، بە دەست سنووورداری زانیارییەکانیانەوە سەبارەت بە ڕێکارە یاساییەکان دەیاننااڵاند و پاڵپشتی پێویستیان نەبوو بۆ ڕێنماییکردنیان لە تێپەڕاندنی پرۆسەی ئاڵۆزی پێشکەشکردنی سکاڵا و داواکردندا.

لە ڕێگەی پاڵپشتی پرۆژەی دادپەروەری ئینتیقالی و دووبارە ژیاندنەوەی سەر بە ڕێکخراوی یەزداوە، براکان ڕێنوێنی یاسایی گشتگیر و یارمەتی کەسییان وەرگرت بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی دۆسیەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕزگاربووان. بە هۆی بەدواداچوونی ڕاستەوخۆ و بەرگریکردنی پرۆژەی یەزداوە، هەردووکیان توانیان هەموو داواکارییە یاساییەکانیان جێبەجێ بکەن. داواکارییەکانیان قبووڵ کرا و کارتی فەرمییان وەرگرت کە دانپێدانی تەواو و دەستگەیشتن بە هەموو شایستەکانیان پێ دەبەخشێت بە گوێرەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی.

ئەم ساتە تەنیا سەرکەوتنێکی یاسایی نەبوو بەڵکو گێڕانەوەیەکی بەهێزی کەرامەت و ناسنامە بوو دوای ساڵانێک لە زەبری دەروونی و دەربەدەری. چیرۆکەکەیان شایەتی گرنگی یارمەتی یاسایی دەستپێڕاگەیشتووە و بیرهێنانەوەیەکە کە چۆن پاڵپشتی بەردەوام دەتوانێت یارمەتی ڕزگاربووان بدات لە دووبارە بونیاتنانەوەی ژیانیان بە هیوا و ئاسایشەوە.

یەزدا بەردەوامە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی یاسایی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوەی ڕزگاربووان لە دهۆک، شنگال، و کەمپەکانی کۆچبەران لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ڕزگاربووان دەتوانن پەیوەندی بە یەزداوە بکەن لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە هێڵی گەرمەوە لە ڕێگەی ژمارە 07501701544، یان سەردانی نووسینگە خۆجێییەکانیان، یان ناردنی ئیمەیڵ بۆ referrals@yazda.org.

## لە داهاتووی هەواڵنامەکەدا

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە ئێستادا کار لەسەر پەرەپێدانی ڕاپرسییەک دەکات بۆ کۆکردنەوەی بۆچوون و زانینی ئاستی ڕەزامەندی ڕزگاربووان سەبارەت بە بڕەپارەی قەرەبووکردنەوەی پێشکەشکراو لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا. ئامانجی ئەم ڕاپرسییە هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی کاریگەری ئەم پارانەیە لەسەر ژیان و گوزەرانی گشتی ڕزگاربووان، و دیاریکردنی ئەو بوارانەیە کە دەکرێت ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە تیایاندا باشتر بکرێت. لە هەواڵنامەکانی داهاتوودا دواترین نوێکارییەکانی سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی ئەم ڕاپرسییە و دەرەنجامەکانی بڵاو دەکرێنەوە. چاوەڕوانی زانیاری زیاتر بن!

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!

### ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن .
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار 18 ساڵ بووە لە لایەن داعشەوە ڕفێندارون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمان و لە لایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەمەشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://tinyurl.com/53xtt4zv
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە https://tinyurl.com/3rrfdhf2

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت: https://tinyurl.com/5b567sp7

## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە هاوپەیمانییەکە لەنێوان 34 ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی مەدەنیی تاوانە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە: www.c4jr.org .

www.c4jr.org
info@c4jr.org
/C4JRorg